www.kurdistannet.org
15-2-2006 11:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەی بەڕیز مام جەلال بۆ جورج بووش ... پشکۆ

مەرحەبا گەورەم بە قوربان باوکی بێ دەست و هەژار
کۆتری ئاشتی گەلان و ئەی فریشتەی بەهرەدار
تۆ پەپوولەی خوای مەزن ناردیتی ڕۆح و دیدەکەم
هاتی نیشتی بەو گوولەی ئێستاکە من حوکمی دەکەم
بولبولی خۆشخوانی دنیا چەند چریکەت ناسکە
هەر لە سایەی تۆیە سفرەم یا قەلە یا ئاسکە
دەست و پەنجە ڕاوەشاندن هەر لە خۆت جوانە بەگم
من نەمامی دەستی خۆتم داکوتە ڕیشەو ڕەگم
ئەی هەمیشە لێو بە خەندە حاکمی شیرین زمان
دەستی پۆلایینی تۆ بو هەیکەلی کابرای ڕمان
ئەو زمان و ئەو دەمە خوار بێت ئەڵێ ڕەیسستە بۆش
دەک بەڵامدا لەو کەسەی وا پێت ئەڵێ گێچەڵ فرۆش
دەک ئاوا بێت بەیتول ئەبیەز پنتاگۆن پڕ بێت لە نوور
بەخوا قابیلتە ئەگەر پترۆڵ بەری بە سیعری توور
توندم کەی چوار دیشی تر مومکین نیە شل ببمەوە
بۆش ئەگەر نەمدەی بە بۆش مومکین نیە غل ببمەوە
من دڵی تۆم لا مەبەستە ئەگینا ناکەم قسوور
هێزی پێشمەرگە ئەماڵێ تاکو حەمرینی سنوور
گەر کەرکووکم پێ بدەی دڵسۆزم تاکو مردنم
ئەگەر نا سۆسۆری قوربان حساب کە بن لادنم
تۆ بڵێ ماست شین و مۆرە گەر نەم ووت بە گەردنم
یەکێ هەڵڵە لە حوکمەت ڕاکێشە کورسی ژێر قنم